# گەشبینیەکانی کوردستانی نوێ لەگەڵ تورکیا دا

کاوە ئەمین

گومان لەوەدا نییە، کە ئەگەر کورد بتوانێت کێشەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتە سەردەستەکان، بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات، لە بەرژەوەندی کورد و گەلانی ناوچەکەیە، بەڵام ئەو دەوڵاتانە کە پێیان دەڵێن دراوسێ کە لە ڕاستیدا هەموویان کۆپی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانن، ئەویش کۆپییەکی تا بڵێی خراپ و فاسدن. ئاخر خۆ لە خۆرا نییە، مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی، دەڵێت: کوردستان کۆلۆنییەکی نێونەتەوەییە و نە کورد و نە کوردستان، ستاتویەکی کۆلۆنیکراویشیان پێ ڕەوا نەبینراوە.
نامەکەی مام جەلال بۆ ڕەجەب تەیب ئەدرۆغان و هاتنی وەفتی تورکی بۆ دوکان لەم کاتەدا کە باشووری کوردستان و عێراق، ڕووبەڕوی چەندین کێشە بوونەتەوە بە تایبەتی کێشەی دامەزراندنی دەوڵەت لە عێراق، دەکرێت لە دوو ڕووەوە چاوی لێبکرێت. یەکەمیان کە بەرێز مام جەلال بیەوێت بەو دانوساندنانەی پشتیوانی ناوچەیی بۆ بوون بە سەرۆککۆماری عێراق بە دەستبخات، لە کاتێکدا کە دەوڵەتانی ناوچەکە چاویان بە هیچ پێشکەوتنێکی کورد هەڵنایەت، تەنانەت پۆستێکی سەرۆککۆماریش کە زیاتر کارەکتەرێکی تەشریفاتیی هەیە و ناتوانێت ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە سیاسەتی داهاتووی عێراقدا، بۆ کورد بە ڕەوا نابینن.
لەلایەکی ترەوە، تورکیا هەم لە ناوخۆو هەمیش لە دەرەوە، ئابرووی سیاسی خۆی بردووە، بە تایبەتی لە درۆکردن و هەڕەشەکانیان لە سەر ژمارەی تورکومان و هێزی بەرەی تورکومانی کە سیاسەتمەدارنی تورک بە تایبەتی سوپای ئەو وڵاتەی زارەترەک کرد. هەروەک دەزانرێت ماوەیەکە ڕاگەیاندنی تورکیا زۆر بە توندی دژایەتی کورد بە گشتی و پارتی و یەکیەتی بە تایبەتی دەکەن.
هاتنی وەفتی تورکی بۆ لای مام جەلال و گەڕانەوەیان بەبێ بینینی بەرێز مەسعود بارزانی، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەیانەوێت بە بەردێک دوو چۆلکە بکوژن. یەکەم پارتی لە یەکێتی دڕدۆنگ بکەن، دووەم وای نیشان بدەن کە ئەوان لایەنێکیان مسۆگەر کردووە، هەر هیچ نەبێت لە دژایەتی نەکردنیان. دەکرێت لە داهاتودا ئەم هاوکێشەیە بە پێچەوانەوە بێت، بەڵام ئەمە ڕاستییەکە و ئیمڕۆ بە ئاشکرا دەبینرێت.
ئیتر ئەوەی کە کوردستانی نوێ و سەرنووسەرەکەی دەیانەوێت بە هاتنی وەفتی تورکی وا لە خەڵک بگەیەنن کە دەوڵەتی تورک ئەگەر براشمان نەبن ئەوا ئامۆزای هەقمانن، جگە لە خاپاندنی خۆیان و خەڵک هیچ شتێکی تر نییە. چونکە کوردستانی نوێ لە ماوەی ئەم دە ساڵەی ڕابردوودا، گەلێک جار ئەم ئاوازە ناسازەی لێداوە و دوایش وا دەرنەچووە.
ئەوەی کە جێگای سەرنجە کاتێک کوردستانی نوێ باسی تورکیا دەکات وەکو ئەوەی کە باسی دەوڵەتی کۆریا بکات کە جگە لە بەرژەوەندی ئابووری هیچ شتێک بەیەکمانەوە نابەستێتەوە. لە تورکیا تا ئێستاش نکۆڵی لە بیست ملیۆن کورد دەکرێت، بەڵام سەرنووسەری کوردستانی نوێ بە وشیەکیش خۆی لە قەرە نادات نەوەک ئەو وتەنی "سەین" ئەردۆغان لە بەڵێنەکانی خۆی پەشێمان ببێتەوە. سەیرە کاتێک کوردستانی نوێ باسی کەسایەتییە کوردەکانی باکوور دەکات نەک وشەی سەینیان بۆ بەکارناهێنێ بەڵکو ناوەکەشیان بەهەڵە دەنووسێت!
ئیمڕۆ بە خۆشی بێت یان بەترشی، خەڵکی باشووری کوردستان جارێکی تر متمانەیان بە پارتی و یەکیەتی داوەتەوە، ئەو دوو هێزەش خۆشبەختانە ئەوەی کە ڕۆژانە دەیبینین و دەیبیستین، هاوپەیمانێتیەک لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە دەبێت بە هەموو شێوەیەک بپارێزرێت و نەهێڵرێت بە دەست لە پشدان و ختووکەی سیاسی لە گرێژنە ببرێت. پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی تر هەروەک چۆن تا ئێستا بەیەکگرتووی ڕووبەڕوی عێراق بوونەتەوە، دەبێت بەهەمان شێوە ڕووبەڕوی وڵاتانی تر بە تایبەتی تورکیا و تەنانەت ئەمریکاش ببنەوەو، لە داواکردنی مافەکانی برا و خوشکەکانیان لە پارچەکانی تری کوردستان سڵ

**نەکەنەوە،چونکە بە سیاسەتێکی وا پێگەی خۆیان بە هێز دەکەن نەک بە پێچەوانەوە وەک هەندێک لێی تێگەیشتوون.**

**کاتێک مام جەلال هەڕەشەی لە تورکیا کرد بەوەی کە ئەگەر تورک دەست لە کاروباری کەرکووک وەربدەن ئەوا، ناسیۆنالیستی عەرەب داوای ئەسکەندەرییە و ناسیۆنالیستی کوردیش داوای دیاربەکر (هەرچەندە مام جەلال لە گفتوگۆیەکی بۆ ڕۆژنامەیەکی تورکی دەڵێت من وام نەوتووە – سایتی پەیامنێر) دەکەن، جێگای خۆشحاڵی هەموو کوردێک بوو، بۆیە دەبێت ئەو داواکارییە بکرێتە ستراتیجی لە داهاتوودا، چونکە کێشەی کورد یەک کێشەیە، با شێوەی چارەسەرکردنیشی جیاواز بێت.**